# تێلێگرام و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی

ن: نارام زاهێری

لەماوەی چەند مانگی ڕابردوو و لەدوای خۆپیشاندانە سەرانسەرییەکانی خەڵکی ئێران لە دژی کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتدارەکانی لە یەکەم ڕۆژەکانی زستانی ساڵی 96ی هەتاوی هەتاکوو ئێستا، ڕۆژانە باس لەوە دەکرێت کە تێلێگرام فیلتەر دەکرێت و بەکارهێنەرە ئێرانییەکانی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە لەخزمەت گووزاری و کارئاسانیانەی تێلێگرام بێ بەش دەکەن. ئەگەرچی فیلتەر کردن و سانسوور کردن کاری لەمێژینەی کۆماری ئیسلامی و سیستەمە سیاسیە سەرکوتکەرەکانی هاوشێوەیەتی و ساڵانێکە شەڕی سایبەری لەگەڵ خەڵکی ئازادی خواز دەکەن، بەڵام بۆیان ڕوونە کە ناتوانن پێشی تەکنەلۆجیا و پێشکەوتنەکانی بگرن. سەردەمانێک فەیس بووکیان فیلتەر کرد بەڵام خەڵکی ئێران و ئەوانەی کە بەدوای ئاڵوگۆڕی فکر و بیر و بۆچوون بوون، لە بەکار هێنانی فەیس بووک پاشگەز نەبوونەوە و لە ڕێگەی فیلتەر شکێنەکان فەیس بووکیان بە کار دەهێنا .

دوای ماوەیەک توویتەریشیان فیلتەر کرد، هەر بەو بیانوو کۆنانەی کە لە فەیس بووکیان دەگرت و بە مووخیلی ئاسایشی نەتەوەیی ناویان لێ دەبرد، بەڵام دیسان خەڵکی ئێران و تەنانەت هەر هەمان ئەو کەسایەتیانەی کە فەرمانی فیلتەر کردنی توویتەریان دەر کردبوو لە ڕێگەی توویتەرەوە قسە و وێنەی خۆیانیان بڵاو دەکردەوە و دەیکەنەوە و پاساوی هەنێکیان ئەوەیە کە چونکوو پۆست بەزمانی فارسی بڵاو ناکەنەوە یاسایان پێشێل نەکردووە و بەم شێوەیە خەڵکیان بە گەمژە زانیوە و حیلەی شەرعییان بۆ هێناوەتەوە .

کۆماری ئیسلامی و ترس لە دوونیای مەجازی مەسەلەیەکی تازە نییە و بە درێژایی تەمەنی کۆماری درۆزنەکان بە سەدان و هەزاران وێبلاگ و ماڵپەڕ و تۆڕی کۆمەڵایەتی فیلتەر کراون و تەنانەت هەکرە بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامی کە چەندین گرووپن بە شێوەیەکی نامرۆڤانە و ناسەردەمیانە و دوور لە بنەمای ڕێزگرتن لە حەریمی شەخسی مرۆڤ پەلاماری فایل و داتای خەڵک دەدەن و کۆیان دەکەنەوە و دەیانەوێت لەو ڕێگەیەوە گووشار بخەنە سەر خەڵک و لەبەرانبەر بە بڵاو نەکردنەوەیان دەبێت سیخووری ئەم و ئەو یان شتانی تر بکەن. لەو کاتەیشدا لەبەر نەبوونی دادگایەکی ماف ستێن و پەنادەر خەڵک لەهەمبەر ئەو داخوازیانە مل کەچ دەکەن و دەکەونە ژێر سوڵتەی تەواوی دەزگا بەناو ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی .

ڕاستییەک کە دەبێت بیزانین ئەوەیە کە : سیستەمە سیاسیە گەندەڵەکان ئەو سیستەمە قیزەونانەی کە هیچ یاسایەک بەلایانەوە شەرعییەتی نییە تەنانەت ئەو یاسایانەی کە خۆیان دایان ڕشتووە، هیچ کات بە هات و چۆی ئازادانەی هەواڵە ڕاستەکان و باس کردنی واقیعەکان و ڕاستییەکان بۆ ئاگادار کردنەوەی خەڵکی ڕازی نابن، هیچ کات بەوە ڕازی نابن ڕێگەیەک هەبێت کە خەڵک تیایدا ڕاستییەکان ببیسن و ببینن، هیچ کات ڕازی نین ئەو نهێنیانەی کە دەرخەری چەپەڵکارییەکانیانە بە لای خەڵکەوە ئاشکرا ببێت و ئاگادار بوونەوەی مرۆڤەکان ترس دەخاتە جەستەی پەروار کراوی پڕلە پییان کە دەڵێن نەکوو ڕۆژێک بێت و من کیلۆیەک کەم بکەم .

پێشتر پێش ئەوەی کە ئینترنێت بەو ڕێژە زۆرەوە بەکار بهێندرێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جێگەی خۆیان بکەنەوە لە نێو ئەبزاری ئازادی خوازان و ئەوکەسانەی کە دەیانەوێت دیمۆکراسی جێگیر بکەن، بۆبانگەشە کردن و ڕوون کردنەوەی ڕووداوەکان و هەروەها ناساندنی دیمۆکراسی بە خەڵک و فێرکردنیان بە پێداگری کردن لە سەر مافەکانیان ئەو کەسانە زەحمەتییەکی زۆر ڕووبەڕوویان دەبووەوە و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا شناسایی و لەلایەن دەزگاکانی کۆماری ئیسلامیەوە ڕەوانە زیندان دەکران و لەسێدارە دەدران .

پێشتر ئەگەر شەڕەکان لەدژی دەسەڵاتە تۆتالیتەر و سەرکوتکەرەکان لەڕێگەی بەکارهێنانی چەک بوویێت و پێویستی بەڕژاندن خوێن بوویێت، ئیستا شتەکە تا ڕادەیەک گۆڕانکاری بەسەری دا هاتووە و ئەمڕۆکانە چەکێکی کارامە تر و بە قووەت تر بەناوی مۆبایل و یان هەر جیهازێکی زیرەکی تر کە توانایی پەیوەست بوونی بە دوونیای مەجازی هەبێت کە لە ڕێگەی ئینترنێتەوە ئیش دەکات، هاتووە کە لە ڕاستیدا دۆنیای بە ڕووی دیکتاتۆرەکان تەنگ کردووە و زۆرێک لەو سیستەمە کۆنەپەرەستانەی هەژاندووە و دایڕماندوون.

کۆماری ئیسلامیش باش زانیویەتی کە لێیقەوماوە و هەر بۆیە پەلەقاژەی ئەوە دەدات کە هەموو ڕێگەیەک کە ڕاستییەکان بڵاو دەکەنەوە ببەستێت و ترسی لە هیچ تۆمەتێک نەبێت کە ڕووبەڕوی ئەو کەسە یان ئەو شتە کە لە دژیان کار دەکات بیکەنەوە .

بەڵام بۆ ئێستە نۆرەی تێلێگرامە؟

بە گوێرەی سەرچاوەکانی بەڕێوەبەرایەتی تێلێگرام نزیکەی چل ملیۆن ئیرانی واتا لەسەدا پەنجای بەکارهێنەرانی تیلێگرام ئیرانین و ڕۆژانە ئەم ڕێژەیە ڕوو لەبەرز بوونەوە دەکات. چل ملیۆن ئیرانی کە ڕۆژانە بە شیوەی ئۆنلاین سەردانی تێلێگرام دەکەن، چل ملیۆن ئیرانی بە پیر و گەنج و منداڵەوە ڕۆژانە ئەگەری ئەوەیان لەسەرە، ڕاستیەک کە لە گرووپێکدا یان لە کاناڵێکی تێلێگرامیدا بڵاو دەبێتەوە و باسی لەسەر کراوە ببینن و ببیسن و ئاگادار ببنەوە. لێرەی کە کۆماری ئیسلامی هەست بە مەترسی دەکات و دەسەڵاتەکەی ڕووبەڕوی لەناوچوون دەبینێت، لەم کاتەدا سێنسۆرەکانی کۆماری ئیسلامی دەکەوێتە کار بۆ دروست کردنی بەربەستێک لەبەرانبەر خەڵکەوە. بەربەستێک بەناوی فیلتەر و سانسوور کردن بۆ پاراستنی ئاسایشی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی نەک ئاسایشی نەتەوەکانی ئیران. ئاسایشێک کە دێر یا زوو لەناو دەچێت و قاقاکانیان دەکاتە شین و گریان بۆ ئەو هەموو سروەت و سامانەی کە تاڵانیان کردووە و خەڵک لێیان دەستێنێتەوە .

تێلێگرام یەکێک لەو ئەپانەیە کە شوێنێکی ئیکجار زۆری بۆ هەڵگرتنی داتا کانی هەیە و هەموو ئەو داتانە لەدەرەوەی ئێران هەڵدەگیردرێن و هیچکام لە دەزگاکانی کۆماری ئیسلامی دەستی پێ ناگات. ئەمەش بووەتە شوێنی مشت و مڕی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و بەڕێوەبەرانی ئەو کۆمپانیایە کە تا وەکوو ڕۆژی ئەمڕۆ بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لەبەردەستدان تێلێگرام ڕازی نەبووە سێرڤێرەکانی بەکارهێنەرە ئێرانییەکانی لەدوای داخوازی فەرمی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بقۆزێتەوە بۆ ئێران .

هەر ئەم تایبەتمەندییەش بووەتە هۆکارێک خەڵکی ئێران متمانە بە تێلێگرام بکەن و زۆر بەکاری بێنن، جا ئەگەر تێلێگرام بە گواستنەوەی سێرڤێرەکانی بۆ نێو خۆی ئێران چرای سەوزی هەڵبکردایات، بە دڵنیاییەوە لەبەر نەبوونی هیچ متمانەیەک لەبارەی پاراستنی زانیارییە شەخسیەکان، خەڵک بەرە بەرە حسێبەکانیان لەسەر ئەو تۆڕە دەسڕییەوە و تێلێگرامیان جێدەهێشت .

تایبەتمەندییەکی تری تێلێگرام ئەوەیە کە، دامەزراندنی کاناڵ و گرووپ بەشێوەی شێرپەنجەیی دەبێت، ئەگەر فیلتەرچیەکان درزێک بگرن درزێکی تری تێدەکەوێت یان لەهەمبەر فیلتەر کردنی ئایپی هەنێ کاناڵ و بلۆک کردنیان، کاناڵێکی تر دیسان ساز ئەبێت و ئەمە یانی فەشەل هێنانی ئەو دەسەڵاتە زەبەلاحە لە بەرانبەر کۆمپانیایەک. بەم چەشنە کۆماری ئیسلامی هیچ ڕێگەیەک لەبەر دەمی خۆی نابینێت بێجگە لەوەی کە بە گشتی ئەو بەرنامەیە فیلتەر کات و چیدیکە بەشوێنی درزدا نەبێت.

بەکار هێنەرانی تێلێگرام تەنها خەڵکی ئاسایی نین، هێز و لایەنە سیاسیە جۆراوجۆرەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامیش لەم هەلە ئیستیفادەیان کردووە و قسە و باس و بەیاننامەکانیان لە تێلێگرام بڵاو کردووەتەوە و زۆر ئاسان و خێرا گەیاندوویانەتە دەستی خەڵکی چەوساوە و زوڵم لێکراوی ئێران .




ئەو شتەی کە لەرزەی خستە گیانی کۆماری ئیسلامی، بەهێزی و خێرایی و هەروەها کاریگەری کاناڵ و گرووپە تێلێگرامییەکان بوو بۆ ڕێکخستنی خەڵک بۆ بەشداری کردن لە خۆپیشاندانەکان و تەنانەت بەشێکی بەرچاو لە خۆپیشاندانەکانی زستانی پێشوو و هەتاکوو ئەلان لەسەر بانگەشە و بانگهێشتی کاناڵە تێلێگرامییەکان ساز کراون و ڕێکخراون کە لەماوەیەکی زۆر کەم دا بانگەوازە کانیان بووەتە درووشمەکانی سەر شەقامەکان لەدژی دەسەڵاتە گەندەڵەکەی کۆماری ئیسلامی، ئەو دەسەڵاتەی کە خوێنی خەڵکی مژیوە و هیچ کات تێر نابێت.

بەشێکی تر لە بەکار هێنەرانی تێلێگرام ئەوانەن کە لە ڕێگەی دانانی ڕێکلامێک لە نێو کاناڵە تێلێگرامیەکەیان بژێوی ژیانیان دابین دەکەن. کاتێک ئەو هەموو گەنجە بێکارە لە نێو ئێرانن بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە هیچ دەرفەتێکی کاریان نییە و هیچ هەلێکیان بۆ نەرەخساوە، ئەو گەنجانە دێن و لەو هەلەی کە تەکنەلۆجیا بۆیانی ڕەخساندوون کەڵک وەردەگرن خۆیان لە بێکاری و زۆر مەترسی تر دوور ئەخەنەوە. بەپێی هەنێ سەرچاوەی نێوخۆی ئێران زیاتر لە دووسەد هەزار کاری تێلێگرامی هەر لە ڕێکلامەوە بیگرە تا دیزاینی کاناڵەکان درووست بووە و زیاتریش دەبێت بەڵام کۆماری ئیسلامی ترسێکی لە بەرانبەر لە ناو چوونی ئەوو هەموو دەرفەتە کاریە نییە کە تێلێگرام سازی کردووە و تەنانەت ئەندامێکی شۆرای ئاسایشی نەتەوەیی کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند: لەناو چوونی 200 بۆ 300 هەزار هەلی کار لەدوای فیلتەرکردنی تێلێگرام لەبەرانبەر ئەو کێشە ئەمنیی و کۆمەڵایەتیانەی کە درووستی دەکات ڕەقەمێک نییە.

دەبێت واش بڵێین چونکوو ئەمە عەقڵییەتی کۆماری ئیسلامیە، چل ساڵە گوێ لە خەڵکەکەی ناگرێت و دەبێت هەر ڕۆژێک چاوەڕوانی ئەوە بکات بکەونە بەر گوێجەڕەی ئەو خەڵکە.

تێلێگرامیش دێر یان زوو فیلتەر دەکەن بەڵام شتێک لێرە دەبێت باس بکرێت، تەکنەلۆجیای نوێ بڵاک چەین درووست دەکات، تێلێگرامیش بۆ وڵام دانەوەی فیلتەرچییەکان و دوای فیلتەرکردنی لە ئێران دەیەوێت لەو سیستەمە نوێەی بڵاک چەین لە بەرنامەکەیدا ئیستفادە بکات و ئەمەش یانی با بۆخۆیان فیلتەر بکەن چونکوو ئەو سیستەمە هاوکات هەم کارە پێشووەکانی تێلێگرام دەکات و هەمیش فیلتەرەکان دەشکێنێت. هەر ئەم شتە بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕۆژێک دەڵێن مالووم نییە فیلتەری بکەین و هیچ قسەیەک لەبارەی ڕۆژی فیلتەر کردنی نەکراوە و ڕۆژێکیش دەڵێن ئاخری مانگ فیلتەری دەکەین. وا دیارە هەڕەشەی فیلتەر کردنی تێلێگرام لە لایەن کاربردەستانی کۆماری ئیسلامی لەکارتێکی گووشار بۆ سەر تێلێگرام دەرچووە و تیایدا ماونەتەوە چی بکەن.

ئەگەر بێت و ئەم سیستەمە کارا بکرێتەوە، یانی هەژاندنی دەسەڵاتی وڵاتێک و شکاندنی هارت و پوورتەکانی و ئەمە دەبێتە لاپەڕەیەکی نوێ بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتێکی کاریگەرتر بۆ گەلانی ئێران کە دەتوانن دوور لە فیلتەر و سانسوور ڕاستییەکان و واقیعەکان بۆ هەموو خەڵک باس بکەن و ئەو ساختەکاریانە و ئەو هەموو دزیانەی کە کردوویانە دەریبخەن.

تێلێگرامیش ئەگەری ئەوەی لەسەرە پەیوەندی هەبێت لەگەڵ دام و دەزگا ئەمنییەکانی هەندێک لە وڵاتان و ئەو تاریفانەی کە لە خۆی دەکات زیاد ڕاست نەبێت بەڵام لە ئێستایا خەڵکی ئێران متمانەیان پێ کردووە و بەکاری دێنن.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیش وا دیارە ناتوانێت پێشی ئەو شتەبگرێت و لەبەر نەبوونی توانای تەکنۆلۆجێکی سەردەمیانە و گەورەیی و بێ سنووری دۆونیای مەجازی، حسێبی لێ تێک چووە و دەزانێت خۆی و دەسەڵاتەکەی لە لێوارە کەنێکدان و تەنها پێوەدانی قامکێکیان بەسە بۆ کەوتن و لەناو چوونیان. هەر بۆیە بە ترساندنی خەڵک و لاواز کردنی هێڵەکانی ئینترنێت لەهەوڵی ئەوەدایە ئەو قامکە لەخۆی دوور کاتەوە و ساڵانێکە ها بە دوای پچڕاندنی گشتی هێڵەکانی ئینترنێت و ساز کردنی هێڵی ئینترنێتی نەتەوەیی یان ئینترنێتی ناوخۆیین کە بەم شێوەیە لەگەڵ دوونیای دەرەوە و خۆیان سنوورێکی نوێ ساز بکەن زیاتر لە ڕۆژانی ڕابردوو گۆشەگیرتر بن.

◇